# خوێندنەوەیەکی فەلسەفی – زمانناسی بۆ زمانی دایکی و ئاسۆکانی هەبوونی مرۆڤ

د. محەمەد یەعقووبی
(سنە)

گرینگـی زمانـی دایکـی (کـوردی) لـە ژێـر تیشـکی تیۆرەکانـی ڤیتگنشـتاین، چۆمسـکی و هایدیگـەر. بـە بیانـووی ڕۆژی جیهانـی زمانـی دایکـی کـە بـۆ ئێمـە هەمـوو ڕۆژێـک ڕۆژی زمانـی دایکیمانـە، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو ڕۆژێـک هـەر لـە نێـو ئـەو زمانـەدا دەژیـن.

## پوختەی وتار

زمانـی دایکـی تەنـێ کەرەسـتەی پێوەنـدی نییە، بەڵـکوو سیسـتـمێکی ماناسـازە کـە لـە ڕێگـەی ئـەوەوە، مـرۆڤ، گـەردوون فـام دەکات. ئـەم نووسـینە لـە ڕوانگەیەکـی فەلسـەفی- زمانناسـیی و نێـوان بابەتییـەوە، جێگـەی زمانـی دایکـی وەک بەستێنێکی هەبوونی و ناسنامەیی کولتووری مرۆڤ شـەنووەرد دەکات. زمانێـک وەک زمانـی کـوردی لـە سـەردەمی مودێرینـدا کـە هیـی نەتەوەیەکـی بـێ دەوڵەتـە، نوێنـەر و نومـادی خۆڕاگرییەکـی مێژوویـی و بەرخۆدانێکـی کولتورییـە. لـە شـیکاری تیۆریـدا ڕوانگـەی هایدیگـەر لەسـەر زمـان وەک «ماڵـی هەبـوون»، ڕوانگـەی ڤیتگنشـتاین لەسـەر «کایـە زمانییـەکان» و بیرۆکـەی چۆمسـکی لـە سـەر «ڕێزمانـی جیهانـی» لـە پێوەنـدی لەگـەڵ شوناسـی زمانیـدا لێـک دەدرێتـەوە.

## پێشەکی

زمانـی دایکـی خاڵـی دەسـپێکەری ئەزموونـی مرۆڤـە. مـرۆڤ لـە زمانـدا لـە دایـک دەبێـت و لـە ڕێگـەی زمانـەوە مانـا بـە خـۆی و دنیایشـی

دەدات، هەروەهـا کـە هایدیگـەر بـە دروسـتی گوتوویەتـی زمـان، ماڵـی هەبوونـە، بـەو مانایـە، کە هەبـوون لـە جیهانـدا بـەردەوام لـە چوارچێوەی زمانـدا بیچمـی گرتـووە. هـەر زمانێـک جیهانـی تایبەتـی خـۆی سـازدەکات و لەگـەڵ وێرانیـی هـەر زمانێکدا، جیهانـی هـەزاران مـرۆڤ دادەڕووخێـت. بـۆ زمانگەلێکـی وەک زمانـی کـوردی کـە بـە پێچەوانـەی زۆر زمانـی دی، دەوڵەتـی یاریـدەی نییـە، دنیاسـازکردنی زمانـی، تەنانـەت نـەک بابەتێکـی کولتـووری، بەڵکـوو کـردەوە و هەڵسوکەوتی مانـەوەی. نەتـەوە بـێ دەوڵەتـەکان، خۆیـان زۆرتـر لـە زمانـدا دەدۆزنـەوە، زمـان دەبێت بـە سـەنگەری خۆڕاگـری، بیرگـە و بەردەوامـی گشـتیی

**٢.١– زمانی دایکی لە ژێر تیشکی فەلسەفەی هایدیگەردا**

زمـان وەک ماڵـی بـوون لـە ڕوانگـەی دیاردەناسـی هایدیگـەرەوە، لـە پێشـەوەی ئەندێشـە (فیکـر) و ئاخاوتندایـە. مـرۆڤ لـە زمانـدا دەژی و ئـەو شـتەش وا فامـی دەکات، لـە ڕۆچنـەی زمانـەوە مومکیـن دەبێـت. لـە نیـگای هایدیگـەرەوە ئێمـە بـە زمـان ئاخاوتـن ناکەیـن، بەڵکـوو زمـان ئێمـە ئاخاوتـن دەکات، بـەو مانایـەی زمـان ڕوخسـەتی ئاخاوتنمـان پـێ دەدات. بێـژەر بوونـی مـرۆڤ بـە هـۆی زمانەوەیـە، نـەک ئـەوەی مـرۆڤ داهێنـەری زمـان بێـت. لـە چـاوی هایدیگـەرەوە زمـان ناسـنامەیەکی کولتوورییـە و بیچـم دەداتـە هەبوونـی کۆمەڵگـە. زمـان جیهـان سـازدەکات و ماڵـی بوونـە.

زمـان، ئێمـە بـە ئێمـە دەکات و ئیجازەی مـن بوون، بـە مـن دەدات. لـەم ڕوانگەیـەوە، بێبەشـبوون لـە زمانـی دایکـی، چەشـنێک ماڵوێرانـی و دەرەندوویـی هەبوونییـە؛ تـاک لـە ماڵـی مانایـی خـۆی وەدەر دەنرێـت و پێوەنـدی لـە گـەڵ زمـان و بیرگـەی گشـتی و کۆیـی خـۆی دەپچڕێـت. زمانـی کـوردی لـەم چوارچێوەیـەدا، نـەک تەنیـا کۆمەڵێـک لـە وشـەکان، بەڵکـوو ئاسـۆی هەبوونـی کوردەکانـە؛ هەبوونـی ئـەوان لـە وشـە و گۆرانـی و گێڕانـەوە کوردییەکانـدا مانـا دەگرێـت.

**٢.٢– ڤیتگنشـتاین: کایە زمانییـەکان و جیهانە ماناییەکان**

ڤیتگنشـتاین لـە توێژینـەوە فەلسـەفییەکانیدا لـە سـەر ئـەو بڕوایەیـە کـە مانـا نـە لـە هاوتەریببـوون و هاوجووتبوونـی وشـەکان لەگـەڵ واقیعـدا، بەڵکـوو لـە بەکارهێنانـی لـە ژیانـی زمانیـدا شـاردراوەتەوە. هـەر زمانێـک، کۆمەڵێـک لـە کایە زمانییەکانـە کـە یاسـا و ڕێسـای تایبەتـی خۆیـان هەیـە. لەسـەر ئەم بنەمایـە، هـەر نەتەوەیـەک جیهانـی خـۆی لەسـەر بنیادەکانـی کایـەی زمانـی خـۆی، فـام و ئەزمـوون دەکات. زمانـی کـوردی یاسـا و ڕێسـاگەلێکی هەیـە کـە ئەزموونـی خەڵکانێکـی تێکۆشـەر، شـاخ و شارنشـین، کۆچـەر، خۆڕاگـر و شـاعیر دەگێڕێتـەوە؛ یاسـا و ڕێسـاگەلێک کە جیهانـی (کوردی و باسـکی و کاتۆلۆنـی و ئامازیغـی) پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. بـەو هۆیـەوە هـەر چـوار زمانەکـە لـە پەراوێـزی هێـزە سیاسـییەکاندا، بـەڵام لـە ناوەنـدی بیرگـەی کولتووریـدا بێچمیـان گرتـووە.

**٢.٣ – چۆمسـکی: هێـزی زمانـی و ڕێزمانـی جیهانـی**

چۆمسکی لە چاویلکەی زماننـاسی زایشـییەوە، زمان وەک تایبەتمەنـدی ماکـی مـرۆڤ دەبینێـت و دەڵێـت پێکهاتـەی ڕێزمانـی جیهانـی لـە نەسـتی ژیانەکـی مرۆڤـدا بوونـی هەیـە. لـەم ڕوانگەیـەوە زمانـی دایکی دەرکەوتـەی سروشـتی ئـەم هێزەیـە. لە واقیعـدا بێبەش بـوون لـە زمانـی دایکـی، سـنووردارکردنی فراژووبوونـی ماکـی مـرۆڤ بـۆ بیرکردنـەوە و بەرهەمهێنانـی مانـاس. لـە بەشـی زمانـی کـوردی، فێـرکاری بـە زمانـی دایکی وەک بـە فەرمـی ناسـینی توانایـی مرۆڤـە، نـەک پشـک و هەڤیازییەکـی کولتـووری. هـەر مرۆڤێـک کـە بـە کـوردی بیردەکاتـەوە، لـە واقیعـدا کەڵـک لـە دەزگای زمانـی ماکـی خـۆی وەردەگرێـت و شوناسـی ناسـەکی

خۆی پـەروەردە دەکات.

**٣- ڕوانگەی زماننـاسی وەسفی و شیکاری**

زماننـاسـی وەسـفی و شـیکاری (لـە بلۆمفیلـد تـا سوسـور و یاکۆبسـین) زمـان وەک سیسـتـمێک لـە جیـاوازی و پێوەندییـەکان دەبینـن نـەک کۆمەڵێـک لـە وشـە. لـەم سۆنگەیەوە، هـەر زمانێک ڕایەڵەیـەک لـە موناسـەباتە دەنگـی، ڕێزمانـی، مانایـی و کولتوورییەکانـە. لـە زمانـی کوردیـدا ، پێکهاتـەی فۆنیمـی دەوڵەمەنـد، زۆرینەیـی دیالیکتـەکان، (کورمانجـی، سـۆرانی، کەڵهـوڕی، هەورامـی ..) و سیسـتمە ڕێزمانییـە پێچەڵپێچـەکان، هەمـوو نوێنـەرەوەی سـەربەخۆیی پێکهاتـەی ئـەم زمانـەن. ئـەم تایبەتمەندییـە زمانییانـە بـۆ خۆیـان بەڵگەیەکـی زانسـتی لـە هەبوونـی ژیارێکـی سـەربەخۆی زمانیـن، هەر بەو چەشـنەی باسک و کاتۆلۆنەکان لە سیستەمە دەنگـی و ڕێزمانییەکانـی خۆیانـدا، جیاوازیگەلێکیـان هەیـە کـە دیاریکـەری مێـژووی کولتـووری تایبەتییانە.

زمانـی دایکی وەک بیرگـە و بەرخۆدانـی کولتـووری، پارێـزەری بیرگـەی گشـتیيە و بەرگـری لـە وەدەرنـان و بێبەشـی کولتـووری دەکات. لـە توێژینـەوە مرۆڤناسـانەکانی زمانیـدا، بـە تایبەتی لـە بەرهەمەکانی ئوتـۆدا، زمـان وەک جێ پێیەک لە ڕابـوردوو دەبینرێت. هـەر وشـەیەک جێگـەی کۆبوونـەوەی مێـژوو و هەسـتە. لـە وڵاتـە کوردنشـینەکاندا، پاراسـتنی زمـان لـە شـیعر و مۆسـیقا و گێڕانـەوە زارەکییەکانـدا، چەشـنێک خۆڕاگـری کولتوورییـە. زمانـی دایکـی ئێمـە بیرگـەی مێژوویـی، مـان و نەمـان و بەردەوامبوونمانـە. هـەر بـەو شـێوازەی کـە باسـکەکان لـە کێوەکانی پیرنـەدا و کاتۆلۆنـەکان لـە بارسـێلۆندا نوێنـەری ویسـتی شـوناس و ناسـنامەی سـەربەخۆن.

٥- زمانـی کـوردی وەک کـردەی هەبوونـی لـە سـۆنگەنیگای بوونگەراییـەوە (وجوودییـەوە)، ئاخافتـن بـە زمانـی دایکـی، بـە تایبـەت لـە دۆخـی سـەرکوتدا، چەشـنێک کـردەی بوونمەندانەیـە. ئاخاوتـن بـە زمانـی کـوردی، تەنیـا هەڵبژاردەیـەک نییـە، بەڵکـوو واتـای جاڕدانـی هەبوونتـە: «مـن هـەم، ئێمـە هەیـن». لـە زۆر شـوێنی کوردسـتاندا، زمانـی کـوردی نـەک کەرەسـتەی ئاخاوتـن، بەڵکـوو بۆخـۆی بابەتـی خەبـات بـووە. ئـەم زمانـە هەڵگـری چەشـنێک ئاگایـی مێژووییـە کـە تێیـدا، هەبـوون و خۆڕاگـری پێکـەوە گرێیـان خـواردووە. لـەم ڕووەوە دەتوانیـن زمانـی کـوردی وەک زمانـی مانـەوە نـاس بکەیـن؛ واتـە زمانێـک کـە دەرەتانـی ژیانـی، تەنانـەت لـە دۆخـی بێدەوڵەتیـدا پاراسـتووە.

**٦- دەرکەوتەکانی فێرکاری و زانستی**

بـە پێـی دەرکەوتـە دەروونناسـییەکان، فێـرکاری بـە زمانـی دایکـی، دەبێتـە هـۆی گەشـەی هێزی ناسـکردن، بیـری ئینتیزاعـی (تەجریدی) و ئەمنـی دەروونـی. لـە وڵاتـە کوردنشـینەکاندا فێـرکاری دووزمانـە، یـان چەنـد زمانـە دەتوانێـت ببێـت بـە پـردی پێوەنـدی نێـوان شوناسـی نەتەوەیـی و زانسـتی جیهانـی.

**دەرەنجام:**

زمانـی دایکـی بـە تەنـێ کەرەسـتەی فامـی جیهـان نییـە، بەڵکـوو مەرجـی توانایـی هەبـوون لـە گەردوونداییـە. زمانـی دایکیمـان وێنـە و سەرمەشـقی ئـەم حەقیقەتەیـە: لـە زمانمانـدا هەبـوون و ئاخاوتـن هاومانـا و هاوجووتـن. فەلسـەفەی هایدیگـەر پێشـان دەدات کـە بـێ زمـان، هەبـوون بـێ مانـا دەبێـت و فیتگنشـتاین- یـش وەبیرمـان دێنێتـەوە کـە مانـا لـە کایـە زمانییەکانـدا بیچـم دەگرێـت و چۆمسـکی - ش دەسـەلمێنێت کـە زمـان لـە قووڵایـی مرۆڤـدا ڕەگوڕیشـەی هەیـە. زمانەکانـی وەک کوردی و باسـک و کاتۆلـۆن و ئامازیغـی شـایەتی ئـەوە دەدەن کـە شـوناس و ئـازادی، دەتوانـن لـە وشـەکاندا جێ بگرن، تەنانـەت ئـەو کاتانـەی لـە دامـەزراوەی دەسـەڵاتدا جێگەیـان نییـە. پاراسـتنی زمانـی دایکـی نـەک ویسـتێکی سیاسـی، بەڵکـوو ئەرکێکـی بوونناسـانە و ئەخلاقییـە، پارێـزگاری کردنـی لـەو جیهانانـەی کـە بـە وشـەکانی خۆمـان سـازمان کـردوون.